گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی دیداکتیك لە پرۆسەی فێربوون و پەروەردەی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستاندا

## شانۆی منداڵان بە نموونە

**م.ی. ژیار اسماعیل حویز**
بەشی سینەما و شانۆ، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی صلاحەدین - هەولێر ، هەرێمی کوردستان، عێراق
Zhyarismail876@gmail.com

**م.ی. کاروان علی محمد**
بەشی سینەما و شانۆ، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی صلاحەدین - هەولێر ، هەرێمی کوردستان، عێراق
Charlykarwan@gmail.com

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٥/٥/٥
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٧/١٦
بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
ڕۆڵ، دیداکتیك، شانۆی منداڵان، پەروەردەی هاوچەرخ

**Doi:** 10.25212/lfu.qzj.11.4.1

**پوختە**

توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە،ئامانجی توێژینەوە ،سنوری توێژینەوە ) دەکات . لەبەشی دووەمیشدا(چوارچێوەی گشتی تیۆری توێژینەوە)یەدەخەینە ڕو،کە ئەم بەشە چەند تەوەرێك لە خۆ دەگرێت: چەمکی دیداکتیك وئاماژەکانی، سێگۆشەی دیداکتیك، ڕۆڵی مامۆستا لەپەروەردەو فێرکردندا، دیداکتیك و هونەری پەروەردە کردن، پێوەرەکانی هەڵبژاردنی ئامرازی دیداکتیك،پێوەرەکانی بەکارهێنانی ئامرازی دیداکتیك.بەشی سێیەمیش (ڕێکارەکانی توێژینەوە)یە،کەپێکهاتووە لە : کۆمەڵگای توێژینەوە، میتۆدی توێژینەوە، ئامرازی توێژینەوە، نموونەیی توێژینەوە، لەبەشی چوارەم توێژینەوە دەگاتە چەند ئەنجامێك کە گرنگترینیان ئەمانەن:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1. دیداکتیك ئاکامەکانی فێربوون بەرەو ئەنجامی بەرزتر دەبات.
2. پەروەردەی هاوچەرخ پشت بە توانست و لێهاتووی مامۆستا دەبەستێت تا ڕێنماییکاری قوتابی بێت.
3. شانۆی منداڵ بۆ وانە وتنەوە ڕێگەیەکی گونجاوە .

## پێشەکی

دۆزینەوەی ڕێگایەکی گونجاو و سەرکەوتوو بۆ فێرکردن و گەیاندنی زانیاری و شارەزایی بۆ قوتابییان کارێکی ئاسان نیە، ئەگەر بمانەوێت گۆڕانکاری بەسەر سیستمی پەروەردە و فێرکردن بهێنین و مامۆستای لێهاتو و قوتابی داهێنەر بەرهەم بهێنین، دەبێت بە شێوازی هاوچەرخ و سەردەمیانە دیداکتیکی ژینگەی قوتابخانە و پۆلەکان بگۆڕین، چونکە دیداکتیك جەوهەری سیستمی پەروەردەیە، مامۆستاش وەك پایەکی زۆر گرنگی فێرکردن پێویستی بە لێهاتووی و کارامەیی و پرەنسیبی تێگەیشتن هەیە لە تیۆر و میتۆدە جۆربەجۆرەکانی پەروەردە و فێرکردن، لەگەڵ ئەوەشدا زانست یان هونەری فێرکردن پشت بە گەیشتنی زانیاری و شارەزایی بۆ قوتابی نابەستێت، بەڵکو گرنگی زیاتر بە بەکارهێنانی نوێترین شێواز و تەکنیکەکانی فێرکردن دەدات وەکو: ڕێکخستنی چالاکییەکانی فێربوون، جەختکردنەوە لەسەر قوتابی، پەرەپێدانی بەرنامەی قوتابخانە و پەرەپێدانی مامۆستا لە ڕووی پیشەیی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە. ئایائەمە فێرکارییە یان دیدایکتیک؟ ڕۆڵی مامۆستا لە پۆلدا تەنها یارمەتیدانی قوتابی نییە لە جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی وانەکە و بەدەستهێنانی زانیاری، بەڵکو ڕۆڵی پەروەردە و فێرکردن چڕتر دەبێتەوە،لەسەربنەمایەکی فیکری و زانستی و هونەری و ئیستاتیکی، بۆ مەبەستی پەروەردەو گەشەپێدانی کەسایەتی قوتابی لەسەرجەم ڕەهەندەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سایکۆلۆژی .

### 1-1 گرفتی توێژینەوە

یەکەم هەنگاوی دەستپێکردن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی، دیاریکردنی گرفتی توێژینەوەیە، ئەو گرفتە سەرەکییەی ئەم تویژینەوەیە دەیەوێت چارەسەری گرفتەکان بکات و تیشکی بخاتە سەر ئەم کەم و کوڕییانەیە کەلە ناوەندەکانی و فێرکردن و بوارە زانستییەکاندا هەیە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە هەموو قۆناغەکانییەوە. گرفتی گەورە لەپرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، ڕەفتار و شێوازی گەیاندنی زانیارییەکانە بە قوتابییان نەك خودی زانست و زانیارییەکە، بەڵکو شێواز و ڕێگاکانی گەیاندن کۆنە و کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر فێربوون نییە. وەك ئاشکرایە مامۆستا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لەگەیاندنی زانست و زانیاری و پەروەردە کردنی قوتابی، بۆیە دەبێت ئەرك و پیشەی مامۆستا بە گرنگ سەیر بکرێت و بەردەوام لەپێشکەوتندابێت بە تایبەت لەسەردەمی ئێستادا، کە تەکنەلۆژیا باڵی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا گرتووە، ئەو شێوازە کۆنەی کە سەردەمی باب و باپیران پەیرەو دەکرا، بۆ سەردەمی ئێستا گونجاونییە، کە قوتابی تەنیا گوێگر بێت، بەشداری هیچ وانەیەك نەکات بە تەنیا وەك وەرگر زانیارییەکان وەربگرێت، ئەم شێوازەش بە سیستەمی فێرکردنی بانکی دادەنرێت، کە لەو سیستەمەدا قوتابی بەشداری لە وانەکان ناکات، تەنیا گوێگرە، لە پرۆسەی فێربوون مامۆستا خاوەن دەسەڵاتە جا چ دەسەڵاتی زانیاری، یان دەسەڵاتی پیشەیی بێت، ئەگەر سەرنجی سیستم و پرۆگرامی خوێندن بدەین لە ناوەندەکانی خوێندندا ، ڕۆژانە چەندین بابەتی زانستی و کۆمەڵایەتی گرنگ دەخوێندرێت، بەڵام هیچ کام لەو بوارانە نەیانتوانیوە ڕێژەیەکی زۆر لە قوتابی داهێنەر دروستبکەن، مامۆستاش لەم ژینگەی خوێندنە ئەرکەکانی چڕ دەبێتەوە بۆ دوو ئەرك، یەکەم: وەڵامدانەوی ئەو قوتابییانەی لە بابەتێکی دیاریکراو تێنەگەیشتوون . دووەم: هەموو ئەوکاتە دیاریکراوەی لە پۆل هەیەتی خەریکی پڕکردنی مێشکی قوتابییە بەو زانیارییانەی لە چوارچێوەی پرۆگرامی خوێندن بۆی دیاریکراوە و ئەرکە لەسەری تەواوی بکات، ئەوەی شایانی باسە وانە وتنەوە بە شێوازی شانۆی منداڵان نەخشە ڕێگایەکە بۆ پەروەردەو فێرکردن و گەیاندنی زانیارییەکان بە قوتابی. توێژەر لە میانی گرفتی ئەم توێژینەوەیەدا پرسیارێکی سەرەکی دەخاتەڕوو:

- پەروەردە و فێرکردن بەسود وەرگرتن لە تەکنیك و تەکنەلۆژیایی سەردەمیانە تا چەند کاریگەری دەبێت لەگەیاندنی زانست و زانیاری بە قوتابی لە ناوەندەکانی خوێندن؟

## 1-2- گرنگی توێژینەوە:

گرنگی توێژینەوە بەشێوەیەکی سەرەکی خۆی لەم خاڵانەی خوارەوە دەبینێتەوە:

- تێگەیشتن لە چەمکی دیداکتیك و بەکارهێنانی .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- دەرخستنی سوودەکانی بەکارهێنانی دیداکتیك لە پرۆسەی پەروەردە و فێربووندا.
- تیشکخستنە سەر ڕۆڵی مامۆستا لە زاڵبوون بەسەر ئەو کۆسپ و گرفتانەی لە بواری فێرکردن و فێربوون دێنە پێشی.
- دۆزینەوەی ڕێگاکانی دیداکتیك بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی چێژ بەخش بۆ فێربوون.
-بەکارخستنی تەکنیك و تەکنەلۆژیایی سەردەمیانە لە شێوازی وانەوتنەوە لەناوەندەکانی خوێندن.

## 3-1 - ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:
- پەیڕەوکردنی سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی هاوچەرخ لەناوەندەکانی خوێندندا.
- درووستکردنی قوتابی گوێگر وجێبەجێکار و لێهاتوو .
- سود وەرگرتن لە شێوازی شانۆی مندالاندا لەکاتی وتنەوەی وانەکاندا.

## 4-1 - میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی دیداکتیك لە پرۆسەی فێربون و پەروەردەی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستاندا شانۆی منداڵان بە نموونە (توێژینەوەیەکی شیکاری وەسفییە تیشك دەخاتە سەر شێوازی وتنەوەی وانەلە ڕێگەی شانۆی منداڵان و تەکنیك و تەکنەلۆژیایی سەردەمیانە لەکاتی وانە وتنەوەدا.

## 5-1 - سنوری توێژینەوە:

1- سنوری بابەتی: پەروەردەو فێرکردن بەشێوازێکی پێشکەوتوو سەردەمیانە لە ناوەندەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستاندا.

2- سنوری کاتی: . 2024_2025

3- سنوری شوێن: هەرێمی کوردستان (دهۆك).

بەشی دووەم : چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1-2 چەمکی دیداکتیك و ئاماژەکانی:

وشەی "دیداکتیک" لە وشەی یۆنانی دیداکتیکۆسەوە هاتووە، کە بە واتای "با فێربین"، یان یەکتر فێر بکەین، وشەی "دیداکتیک" لە ساڵی( 1913)ی زایینیدا لە لایەن (هێلینگ و جانگ)ی فەڕەنسییەوە هاتووە،کە لە توێژینەوەکەیاندا بە ناونیشانی (ڕاپۆرتێکی کورت دەربارەی فێرکردن)تیشکیان خستۆتە سەر شیکردنەوەی وشەی (دیداکتیك)، دواتر لەلایەن کۆمینۆسەوە لە ساڵ( ١٩٥٧)ی زایینی لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (دیداکسی مەزن) بەکارهێنراوە، کە باوەڕی وایە دیداکتیک هونەرێکی گشتییە کە هەموو قوتابییان فێری چەندین ماددەی پەروەردەیی دەکات، دواتر بیرمەندی ئەڵمانی (هێربارت) هات و بناغەی زانستی فێرکردنەکەی دانا (لورسي عبد القادر، 2002، 3-2) بەم شێوەیە ماناکەی گەشەی کرد بۆ "فێرکردن"، پاشان ماناکە گۆڕا بۆ "ڕێگاکانی فێرکردن" و "هونەری فێرکردن" کە تیشک دەخاتە سەر قوتابی و زانیاری، بە پێی بەرەو پێشچوونی زانست و زانیاری، دیداکتیک دابەش دەکرێت بۆ دوو بەشی تەواوکەر: دیداکتیکی گشتی و دیداکتیکی تایبەت . (بوداود، 2007، 111) .

-دیداکتیکی گشتی: زانستی فێرکردنی گشتییە کە نوێنەرایەتی دەکرێت لەلایەن کۆمەڵێک زانیاری پەروەردەییەوە، کە لە بارودۆخی جیاوازدا جێبەجێ دەکرێت بۆ بەرژەوەندی هەموو قوتابییان کێشە باوەکان و کێشە گشتییەکان چارەسەر دەکات، چونکە مامەڵە لەگەڵ پرۆسەی پەروەردە دەکات ))بە شێوەیەکی گشتی و گریمانەکان پەرەپێدەدات و یاسا دادەنێت و ئەو مۆدێلانە دادەڕێژێت کە پشتگیری مامۆستا دەکەن بەبێ گوێدانە ئەو بابەتە پەروەردەییانەی کە دەگوترێنەوە(( .(2021.Vollmer,H. J)

-دیداکتیکی تایبەت : زانستی فێرکردنی تایبەتە کە پەیوەندی بە چالاکی پەروەردەییەوە هەیە و پەیوەندی بە بابەتەکانی قوتابخانەوە هەیە و گرنگی بە کێشە پەروەردەییەکان دەدات، کە پەیوەندییان بە بابەتەکانی قوتابخانەوە هەیە.

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە کە )دیداکتیک ( تیشک دەخاتە سەر قوتابی لە ڕوی ئەزمون و هەستەوە، یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەشداریکردنی هەموو هەستەکانی قوتابی لە پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا، کە دەبێتە هۆی قوڵکردنەوە و پتەوکردنی زانیاری و ئەزمونەکان((حسناء و فاتن، 2019، 28). بەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شێوەیە کاریگەری فێربوون لەبەدەستهێنانی زانیاری ئاسانتر دەبێت بۆ قوتابی، هەروەها شێوازی گەیاندنی زانیاری توانای قوتابی گەشە پێدەدات بۆ بیرکردنەوە و تێبینیکردنی ورد و بیرکردنەوەی زانستی دروست بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو کێشانەی ڕوبەڕوی دەبێتەوە لە کاتی پەروەردەو فێرکردندا .

ئەمەش دەبێتە هۆی زیادکردن و باشترکردنی ئەزموون لای قوتابی، بەم شێوەیە، دیداکتیك توخمە جیاوازەکانی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون بەیەکەوە دەبەستێتەوە لەوەی کە بە سێگۆشەی دیداکتیک ناسراوە(عرابي، 2020،51)

## 2-2سێگۆشەی دیداکتیك:

سێگۆشەی دیداکتیك لە سێ ڕەگەزی سەرەکی بنیاتنراوە ئەوانیش: (قوتابی، مامۆستا، زانین) ئەمەش لەبەرئەوەی ئامانجی دیداکتیك ئەوەیە کە شێوازی فێربوونی قوتابییان بدۆزێتەوە و میکانیزمی پێویست بۆ مامۆستا دابین بکات، بۆ بەدەستهێنانی باشترین ئەنجام، توخمەکانی ئەم سێگۆشەیە یەکخراون و جیانەکراونەتەوە، بۆیە پێویستە و هەماهەنگی لەنێوانیاندا پتەوتر بکرێت، بۆ نموونە: پێویستە مامۆستا بەرگەی هەڵەکانی قوتابی بگرێت و بەدوای چوارچێوە تیۆرییە مۆدێرنەکان و توێژینەوە دیداکتیکیەکان بگەڕێت، کە بە ئەرێنی سەیری هەڵەکان دەکەن و کار لەسەر ڕاستکردنەوەیان دەکەن، بۆ ئەوەی ڕێگری لە شکاندنی شکۆی قوتابی بکرێت، لە ڕووی دەروونی و ئەکادیمییەوە (سي، 2017، 232)، هەروەها لە لایەکی ترەوە (ژان پیاژێ) دەرونناسی پەروەردەیی بە ڕوونی ئەوەی خستۆتە ڕوو:((لە پێناو بەرێوەبردنی پرۆسەی خوێندن، دەبێت خوێندنگەکان خۆیان لەگەڵ قوتابییان بگونجێنن،نەك بە پێچەوانەوە )) (فايەق، 2020، 252 )بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کە دیداکتیك هەیەتی، کە پەیوەندی بە سێ ئاستی تەواوکەر و جیانەکراوەوە هەیە، ئەمەی خوارەوەی سێگۆشەی دیداکتیکە:

1- قوتابی: سەرنجی تەواو لە هەموو لایەنە فیکری و دەروونییەکاندا تیشک دەخاتە سەر قوتابی، چونکە هۆکاری سەرهەڵدانی پرۆسەی پەروەردەیی و کۆڵەکەیەکی سەرەکییە تێیدا، بۆیە پێویستە تواناکانی بدۆزرێتەوە و پەرەپێبدرێت، ((دیداکتیك لە ڕۆشنایی دەروونناسی کۆمەڵایەتی و زانستی گەشەکردن و هەموو زانستێکدا یارمەتیدەر دەبێت لە زانینی گرنگترین لایەنەکانی کەسایەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قوتابی)) (فریقی، 912015، ) هەروەها پێویستە قوتابی ڕێنمایی بکرێت بۆ جێبەجێکردنی بەرپرسیاریەتەکانی لە فێربوونی تاکەکەسی و گروپیدا، فێری بوێری و باوەڕبەخۆبوون بکرێت، توانایی دەربڕینی هەست و گوزارشت کردنی کەرەستەکانی دەوروبەری هەبێت، (ڤیگۆتسکی) لە بواری دیداکتیکدا پێی وابوو کولتوری ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییە، کەشێك بۆ فێربوون دێنێتە ئاراوە کە بۆ پیادەکردنی پێویستی بە مامۆستای شایستە هەیە، ئەمەش وادەکات مامۆستاکان هاوکاریی قوتابییان بن بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی فێربوون، بۆ دۆزینەوەی ئەم ڕێگایەش بەشداریکردنی قوتابییە لە چالاکییەکان و بەشداری پێکردن و ڕۆڵبینین لە شانۆ و نواندنی ناو پۆل لە ڕێگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە: (الصرايرة والعساف، 2008، 29).

- بەکارهێنان و پلاندانان و جێبەجێکردنی وانەکان و چەندین چالاکی پەروەردەیی.
- بەکارهێنانی زۆرترین سەرچاوە بۆ گەڕان بەدوای زانیاری نوێ و سەردەمیانە.
- هەڵسەنگاندنی خۆی بکات و ئەو ئامانجانە دیاری بکات کە بەدەستی هێناوە.
- دەربڕینی ئەو زانیارییانەی لەسەر بیرۆکە و بۆچوونی هاوچەرخ لە هزریدا هەیە.
- بەشداریکردن لە گفتوگۆ و چالاکیی پەروەردەیی لە بەرەوپێشچوون و دیالۆگ و گفتوگۆدا .

2- زانین(المعرفة) : زانین کە لە لاتینیەوە لە ( کۆگنەتیڤ) وەرگیراوە، هەموو ئەوشتانە لە خۆ دەگرێت کە پەیوەندییان بە زانست و بیرکردنەوە و فێربوونەوە هەیە، ماددە پەروەردەییەکان و کێشە و پێکهاتە پەیوەندیدارەکان و پلانەکانی جێبەجێکردن دەگرێتەوە، زانین ئەو ناوەڕۆکەیە کە لە ژێر بەرنامەیەکی پەروەردەیی بە وردی هەڵبژێردراوە بۆ داواکاری، بۆیە پێویستە ئەم زانیارییانە بە زانینەوە ڕەچاو بکرێن

لە ڕێگەی ئەم خاڵانەی خوارەوە: ( العواد12،2001).

- زانین لە ڕووی کردارییەوە پەیوەستە بە ئامانجی دیاریکراو.
- کاریگەری زانین لە پەرەپێدانی ئەرێنی قوتابی و بەشداریکردن و کاریگەری لە بارودۆخی پەروەردەییدا.
- بەشداریکردنی زانین لە هاندانی قوتابی و ڕاکێشانی سەرنجی بۆ ئەو بوارانەی تێیاندا لێهاتوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- کاریگەری زانین لە پەرەسەندنی کەسایەتی یەکخراوی قوتابی لە ڕووی سایکۆلۆژی، کۆمەڵایەتی، هەست و جووڵە.
- گونجاندنی زانیاری لەگەڵ ئاستی سایکۆلۆژی و سەرکەوتنەکانی قوتابی.

پەیوەندی نێوان ئەم سێ توخمە بریتییە لە پەیوەندییەکی تەواوکەر و کارلێک و پتەو، چونکە پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی پەیوەندییەکی فێرکارییە، کە پێویستە هەردوو لایەن ئەو بەرپرسیارێتییانە جێبەجێ بکەن کە پێی سپێردراوە. ((مامۆستا هەوڵدەدات خۆی لە ڕووی پیشەیی و پەروەردەیی و کولتوورییەوە پەرەپێبدات)) (بوهادي، 2012، 371) وەک ڕاوێژکار و ڕێنیشاندەرێك بۆ قوتابییان کار دەکات و قوتابییش لە بەرامبەردا زۆر پشت بە خۆی دەبەستێت، بۆ بەدەستهێنانی پەروەردەی خودی و سوود وەرگرتن لە ئامۆژگاری و ڕێنمایی مامۆستاکەی بۆیە گرنگی ڕۆڵی مامۆستا لە فێرکردن و فێربووندا.

3- مامۆستا : لەپەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابییاندا توانستی دیداکتیکی مامۆستایان ڕۆڵێکی زۆر زۆرگرنگ دەگێرێت، بەشێك لەو توانستە پەیوەندی بەووەوە هەیە تا چ ڕادەیەك مامۆستایان شارەزاییان لە هونەر و زانستی وانەگوتنەوە هەیە. مامۆستایان سەرنج دەخەنە سەر پرۆسەی جێبەجێکردن و ڕاهێنان، لە پەیوەندی مامۆستا و قوتابیدا توانستی دیداکتیکی مامۆستا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ستراکچەری داڕشتنی بابەت و میتۆدەکانی وانەگوتنەوە هەیە، ((مامۆستایان چۆن دڵنیا دەبنەوە کە قوتابییان لە وانەکە تێگەیشتوون؟ چ جۆرە هەڵسەنگاندنێك دەکەن بۆ زانینی ئەمە، بەشێکی زۆری ئەو توانستە دیداکتیکیە پەیوەندی بە توانای مامۆستاوە هەیە))(2017,Gascon&Nicolas ئەوان تا چ ڕادەیەك لەبەر ڕۆشنایی توێژینەوەکان ئاشنایەتییان بە تازەگەری بواری دیداکتیك هەیە، بۆیە پێویستە توانای پلاندانان و دەستپێکردنی نوێبوونەوەی بەردەوامی ئاستی پیشەیی و زانیاری خۆی هەبێت، لە بوارە جیاوازەکانی ڕۆشنبیری و خوێندنەوەدا، چونکە ئەمە زانیاری و توانا و پرەنسیپەکانی پیشان دەدات، کە لە چالاکییەکانی فێرکردن و بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکاندا بەکاریدەهێنێت، بۆ ئەوەی ببێتە مامۆستایەکی کاریگەر. کاریگەری مامۆستا بە هەڵسوکەوتی قوتابیەکانییەوە دەردەکەوێت، کە بەشێوەیەکی گشتی نیشانی دەدات تا چ ڕادەیەک ئامانجەکانیان بەدەستهێناوە، بۆ بەدەستهێنانی توانستی دیداکتیك بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مامۆستا دەبێت مامۆستایان بە بەردەوامی بە کارەکانی خۆیاندا بچنەوە، چونکە ئەمە بەشێکی گرنگە لە پرۆسەی فێرکردن، ئەوەی زۆر گرنگە رێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە (( ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە بە دوو شێوە ئاراستە دەکرێن؛ یەکەمیان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو پۆل، دووەمیان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەرەوەی پۆل، کاری مامۆستا ئەوەیە چۆن بە شێوەیەکی هارمۆنی ئەو دوو پەیوەندییە بەیەکەوە گرێ بدات ))(سەعید، فایەق,2019: 35).

لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا سێگۆشەی دیداکتیکی دەخەینەڕو:(الجوادی،2020:16)



گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2-3 ڕۆڵی مامۆستا لەپەروەردەو فێرکردن: -**

چەمکی دیداكتیك تایبەتمەندی پراكتیكی جێبەجێكردنی هەیە، پەیوەستە بەوتنەوەی بابەت و ماددەكانی پرۆگرامی خوێندن، بۆ نموونە دیداكتیكی زمانی كوردی، دیداكتیكی بیركاری، واتە لێرەدا مەبەست لە شێوازی گوتنەوەی بابەتەكانە. دیداكتیك سەرنج دەخاتە سەر كاریگەریی سێگۆشەی دیداكتیكی كە پێكهاتووە لە ڕێنیشاندەر (مامۆستا) پەیامەكە (مادەی پەروەردەیی) و وەرگر (قوتابی)، قوتابی لەوانەیە ڕۆڵی ڕێنیشاندەر و مامۆستا بگێڕێت، وەک وەرگر لە پرۆسەیەكی داینامیكیدا كە كات و شوێن دەگۆڕێت و دەبێتە هۆی پەیوەندییەكی سەركەوتوو و كاریگەر لە نێوان مامۆستا و قوتابییەكانی و بەهێزكردنی پەیوەندییە فیكری و زانستییەكانی نێوانیان لەڕێگەی شێواز و میتۆدی نوێ و سەردەمیانە و ڕۆڵبین و شانۆی ناو پۆل، هەروەها چالاكی جۆراوجۆر كە تێیدا قوتابی بتوانێت دەربڕین بكات و چێژی لێوەربگرێت(مدكور،2001،67 ).

ئەمەش لێهاتوویيە پەروەردەییەكان پشت ڕاستدەكاتەوە لەبەدەستهێنانی وانەی پەروەردەیی كە لەسەری دامەزراوە، بەم شێوەیە (پرۆسەی فێربوونی پەروەردەیی هەموو ئەو توخمانە دەگرێتەوە كە پێویستە بۆ سەركەوتن و كاریگەرییەكەی وەک لێهاتوویی پەروەردەیی، كەرەستەی فێركردن، میتۆدەكانی فێركردن و ئامرازە پەروەردەییەكان) (بوهادی.(٢٠١٢،٣٧٠ ،

كاتێك تیشک دەخەینە سەر توێژینەوەی پەروەردەیی لە بنەڕەتدا بە دەوری بارودۆخە سایكۆلۆژی و پەروەردەییەكاندا دەخولێتەوە، كە تیایدا توخمەكانی كرداری پەروەردەیی كارلێک دەكەن، لە پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەكاندا و تیشک خستنە سەر قوتابی، بۆ ئەوەی ڕۆڵێكی سەرەكی هەبێت، بۆیە پێویستە گرنگی بە قوتابی بدرێت وەک لایەنێكی سەرەكی لە پرۆسەی پەروەردەدا ئەم گرنگیەش لە ڕێگەی شانۆ و ڕۆڵبینین بۆ قوتابی دەبێتە ڕێگایەكی گونجاو بۆ دروستكردنی ژینگەیەكی پڕ چالاكی و كرداری و جوڵە وەک هاوبەشێک لە بنیاتنانی بارودۆخ و چالاكیە پەروەردەییەكان و دروستكردنی زانیاری دەربارەی پرسیار و گفتوگۆكانی. ئەم هەنگاوانە وا لە قوتابی دەكات زانیاری بەدەست بهێنێت و میتۆلۆژیای كۆكردنەوە و شیكردنەوە و سەركردایەتی كردن و بەرپرسیاریەتی بەدەست بهێنێت و ئەم زانیارییانە لە هەموو بابەت و كاروبارەكانی ژیاندا بەكاربهێنێت و چێژ وەربگرێت و داهێنان بكات و ئەنجامێكی باشی هەبێت (أبریر، 2005، 31).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەم شێوەیە، دیداکتیك لە ڕێگەی شانۆوە سەربەخۆیی دەدات بە قوتابی تاکو متمانە بەخۆبوون زیاد بکات، هەروەها دیداکتیك بەسودە بۆ گرنگی دان بە فێرکردن و فێربوون، لە ئابووری پەروەردەدا، لە پرۆسەکردنی زارەکیدا، بەم شێوەیە خوارەوەیە: (حسن، ٢٠١٤: ٥٦٠-٥٦١).

1- کاریگەری دیداکتیك لە پەروەردە و فێرکردندا: بە بەکارهێنانی ڕەهەندەکانی دیداکتیك و کاریگەری و بەرنامەکان لە ڕێگەی تەکنیك و تەکنەلۆژیای مۆدێرنەوە، بەشداریکردن و ڕۆڵگێران بەشداری دەکات لە باشترکردنی ئەزموونی قوتابییان و ئاسانکردنی تێگەیشتن و هەرسکردنی ماددە پەروەردەییەکان.

2- ئابووری لە فێرکردندا : کەمکردنەوەی تێچوی پێداویستییەکانی فێرکردن و فێربوون، لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیك و تەکنەلۆژیای مۆدێرنەوە، کە کات و هەوڵ و تێچوەکان کەمتر دەکاتەوە و ئەنجامێکی باشتر بەدەست دەهێنێت.

3- بەکارهێنانی هەمەلایەنەی هەستەکان: دیداکتیک بەشداری دەکات لە بەکارهێنانی هەستەکان لە ڕێگەی بەرنامە و کاریگەرییەکانی دەنگ و جوڵە کە یارمەتیدەرە لە بەردەوامبوونی کاریگەری فێربوون.

## 2-4دیداکتیك و هونەری پەروەردەکردن:

هونەری دیداکتیکی پەروەردەیی بەکاردێت بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دەبنەوە. دیداکتیك بۆ ڕوونکردنەوەی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی پرۆسەی فێرکردن بەسوودە، لەوانە: ئامانجەکان، ناوەڕۆکەکان، ڕێگاکانی فێرکردن. یارمەتی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و تەکنیکەکان و هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی دەدات . ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ تیشک خستنە سەر ئەو فاکتەرانەی بەرپرسن لەو قوتابییانەی کە ڕوبەڕوی ئاستەنگی فێربوون دەبنەوە،لە ریگەی شانۆ و ڕۆڵبینین و چالاکی دەربڕین چێژو خۆشی بە پرۆسەی فێربوون دەبەخشێت، بۆیە پێویستە مامۆستا بە شێوەی گروپ هەموو قوتابییان بەشداری پێبکات، چونکە بەسوودە بۆ قووڵکردنەوەی تێگەیشتن لە کێشەکە و ئاسانکردنی چۆنیەتی مامەڵەکردن و چارەسەری دۆخەکە . هەروەها سوود لە هونەری دیدایکتیک و هەموو زانستە پەروەردەییەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەردەگرێت لە رێگەی میتۆدناسی و بەکارهێنانی شێوازی جیاواز بۆ فێرکردن لە پەرەپێدان و چارەسەرکردنی کێشەکان لە رێگەی کارلێککردن و یەکخستن و پەیوەندیکردن لە نێوان هەموو زانستە پەروەردەییەکان، هەریەک لەم بوارە زانستییانە سوود وەردەگرن، ئەمەش پێی دەوترێت ((یەکخستنی ناوخۆیی زانستە پەروەردەییەکان لە ئەدەبیاتی مۆدێرنی پەروەردەدا)) (منصور،2020، ٨٨). بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین کاریگەری لە بنەماکانی دیداکتیک، پێویستە سەرنج بدەینە سەر ئامرازەکانی دیداکتیک کە لەم خاڵانەی خوارەوە ئاماژەی پێکراوە:

## 1- پێوەرەکانی هەڵبژاردنی ئامرازی دیداکتیك :

پێویستە ئامراز و کەرەستە مۆدێرنەکان بە وردی و ڕونی و سەرنجڕاکێشیەوە هەڵبژێردرێن، کە لەگەڵ بابەت و ئامانجەکانی وانەکەدا بگونجێت و ئەم ئامرازانە بەکاربهێنن بۆ ئەوەی زۆرترین سوود بە قوتابییان بگەیەنێت (الحیلة، 2007: 59) بۆیە وەك توێژەر باوەڕم وایە کە یەکێک لە باشترین ئامرازەکانی فێرکردن لە ڕێگەی شانۆ یان سیناریۆ وە بکرێتە شانۆی پۆل، چونکە پەیوەندییەکی پتەوی بە هەموو دۆخە جیاوازەکانی قوتابییان هەیە، وەك خۆشی و سەرنجڕاکێشی و چێژ بەخشین و متمانە و باوەڕ بە خۆبوون لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا, چونکە شانۆ دەتوانێت زۆر ئەرکمان لەسەر ئاسان بکات، کە وەك مامۆستا لایەنی دەرونی قوتابی و ژینگە و ژیانی بخوێنینەوەو لەو ڕێگەیەوە هەوڵی ئەوە بدەین فێر ببێت . دەستنیشانکردنی خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکان رێگای فێربوون ئاسانتر دەکەن .

## 2- پێوەرەکانی بەکارهێنانی ئامرازی دیداکتیك :

پێویستە ناوەندەکانی فێرکردن بە جۆرایەتی ئامادەبکرێت، بەکارهێنانی چەند پلانێکی جیاواز بە پێی بابەت و پرۆگرامی خوێندن، بۆ سەرنج ڕاکێشانی بیر و هزری قوتابییان، وەك ڕوناکی گونجاوی پۆل لە کاتی خوێندن، و گرنگی دان بە ئاسودەی قوتابییان لە کاتی دانیشتن، کەشی گشتی قوتابخانە و پۆلەکان، بەپێی پێویستی پرۆگرام و بابەتی فێرکردن، هەر بۆیە توێژەر لەو باوەڕەدایە، کە چیرۆك و شانۆی منداڵان لەگەڵ پێوەرەکانی فێرکردندا دەگونجێت، بۆیە یەکێکە لە باشترین ئامرازەکان، لە

زانست یان هونەری فێرکردن یان ئەوەی بە دیداکتیك ناسراوە، چونکە ژینگە کاریگەری قوڵ لەسەر پرۆسەی فێربوون دروست دەکات، بە تایبەت ژینگەیی جیاواز کە لێرە مەبەستم لە هۆلی شانۆ یا هۆڵێکی سینەمایە، یان هەر شوێنێکی جیاواز لەو پۆل و ژینگەیەی رۆژانە دووبارە دەبنەوە بۆ قوتابی(هوشراية،74:2017 ).

## بەشی سێیەم(جێبەجێکردنی توێژینەوە)

### 1-3 - کۆمەڵگەی توێژینەوە

لەمیانی گەڕان و پشکنین بە نێو نمایشە شانۆییەکانی منداڵان لە نێوان ساڵانی (2025-2024) بەشێوەیەکی مەبەستدارتیشکخراوەتە سەر نمایشی شانۆیی (سندیباد و هەڤالاین وی) کە سەرجەم رەگەزەکانی شانۆیی منداڵانی تێدا بەدی کراوە وە تیشك خراوەتە سەر لایەنی پەروەردەو فێرکردن لە پرۆسەی خوێندندا بە شێوەی نواندن، ئەمەش رێگایەکی گونجاوە بۆ ئەوەی وانەکان بەشێوەی نواندن لەناو پۆلدا بگوترێتەوە، لەم نمونە هەڵبژاردراوەدا بەشێوەیەکی سەرنج راکێش کار لەسەر تەکنیك و نواندن و دەنگ و گشت پێکهاتە هونەرییەکان کراوە، لەسەر بنەمایەکی پەروەردەی و زانستی و هونەری و ئیستاتیکی.

### 2-3 - ئامرازی توێژینەوە:

1- بینینی نمایشە شانۆکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەناو هۆڵی شانۆ لە شاری دهۆك لەهەرێمی کوردستان، تیشک خستنەسەرپەیامە پەروەردەییەکان و رێگاکانی گەیاندن و دیداکتیکی فێربوون وە ڕەگەزەکانی نمایشی شانۆ.
2- بینینی نمایشەکە لە ڕێگەی سی دی.

**3-3 - میتۆدی توێژینەوە: توێژەر میتۆدی شیکاری وەسفی بۆ توێژینەوەکە بەکارهێناوە.**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**4-3 - نموونەی توێژینەوە: شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی نمایشی شانۆیی (سندیاد و هەڤالاین وی) کە تیشك خراوەتە سەر لایەنی پەروەردە و فێرکردن و بەکارهێنانی تەکنیك و تەکنەلۆژیا بۆ رێگاکانی وانە وتنەوە.**

**3-5 شێوە و ناوەڕۆکی شانۆیی (سندیباد و هەڤالاین وی )**

ئەم شانۆگەرییە لەرۆژانی 3/2/1/ حوزیرانی 2011 لە هۆلا محمد عارف جزیری شاری دهۆك بۆمندالآن و گەوران نمایش کراوە، ئامادەکردن و دەرهێنانی (هەرمان هاشم ) شانۆ پێکهاتەیەکی درامی تەواوە، پێکهاتووەلە دیکۆری تەواو، میوزیکو کارتێکەرەدەنگییەکان، و جل وبەرگ و شوێنی نمایش و بینەران، دیالۆگ و ئاخاوتن و کەسایەتی، ململانێی نێو ڕووداوەکان و ڕووداوی سەرەکی .

پوختەی نمایش: (سندیبادو هەڤالێن وی) چیرۆکێکی مێژوویی رۆژهەلآتی ناوەراستە ، شانۆگەریەکە لەشەش کەسایەتی سەرەکی پێك هاتووە(یاسەمین، عەلائەدین،سێرەبەندێ شین،سندیباد،حەسەن،عەلی بابا). هەروەها چەند بووکەڵەیەك کە لەباگراوەندی دیکۆری نمایشەوە وەك کۆرس و بەپێی پێویست هەندێجار لەخزمەتی نمایش بەشداریان هەیە. چیرۆکەکە (یاسەمین) وهەڤاڵەکانی دەچنە گەشت و گەرانی بەردەوام بەجیهاندا بەردەوام تووشی مرۆڤی باش و مرۆڤی خراپیش دەبن ، کچێك رۆڵی سەرەکی دەبینێت ناوی یاسەمینە لەتەمەن تازە گەنجە، سحری لێدەکرێت و دەبێتە قەلەڕەش، یاسەمین دەیەوێ ببێتەوە گەنجەکەی جاران و لەبەرگی باڵندە وقەلەرەشی بێتە دەرەوە هاورێکانی زۆر رێگا تاقی دەکەنەوە تاوەکو بروا بێنن بەساحیر کە یاسەمین بگەرێنەوە سەر دۆخی جارانی، چەند رێگایەك تاقی دەکەنەوە تاوەکو بگەن بەئامانجەکەیان هیچ کام لە رێگاکان سەرکەوتن نابن، ئەوەی جێگەی سەرنجە جیاواز بون و بەیەکەوە نەبون دواتر لەکۆتاییدا بریار دەدەن، کە سندیباد و هەڤاڵەکانی دەست لەناو دەست بن و پێکەوە بن رێگەیەك دەست نیشان بکەن تاوەکو سحرەکە بەتاڵ بکەن،پێکەوە پلانێك دادەنێن ئەو تۆپە روناکییە دەدۆزنەوە کەسحرەکەی لێکراوە دوای هەوڵدانێکی زۆر تۆپەکە بەگۆچانێك دەشکێنن و یاسەمین بەگۆرانی و سەما و میوزیکوە دەگەرێتەوە سەر شێوەی جارانی .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیكۆری نمایش: بەگشتی دەرهێنەر دیكۆرێكی مێژوویی  ڕەنگاو ڕەنگ و نەخشەسازی بۆکردووەو،دیكۆری شانۆكە پێكدێت لە دوو دەرگای سەرەكی و دەرگایەكی ناوەراست ،ئاسمانێكی پر ئەستێرە و رۆژ و دواتر مانگ شێوەی كۆشكێك دەبینین، دەرهێنەردیكۆری جێگری داناوە ئەمەش لەبەرپێویستی رووداوەكانە، شوێنی تایبەتی بۆ هاتوچۆی ئەكتەران دیاری كردووە لەدەرگاكانەوە ئەمە ئاسانكاریە بۆئەکتەران ، هەروەها  شوێنی بۆ دیالۆگی بووكەڵەكان داناوە كەژمارەیان پێنجن ،سەرەرای گرنگی دانی دەرهێنەر بەئێكسسوارات وەك سندوقی گەورەو بچوك كەل وپەلی گەشت و گۆچانێك و تۆپێکی رووناكی .

میوزیك و گۆرانی و كارتێكەرەدەنگیەكان: گۆرانی میوزیك و ئاواز یەكێكن  لەڕەگەزە سەرەكییەکانی نمایشی شانۆیی  هەمیشە میوزیك بەگیانی نمایشی شانۆی منداڵان دادەنرێت چونكە كەشێكی پر جۆش و خرۆش كامەرانی و گوزارشتە جیاوازەكان دێنێتە كایەوە بۆیە دەتوانین بڵێین یەكێك لەبنەماكانی سەركەوتنی نمایشی شانۆیی منداڵان دروست كردنی ئارەزووی بینین ئەوا میوزیكو كارتێكەرە دەنگیەكانە. لەم نمایشەدا دەرهێنەر كارتێكەرە دەنگیەكانی بەكارهێناوە لەدەنگی دوودڵی وترسناكی هەندێ جار هاوارو  ژاوەژاوە دەنگی بەترس و تەنانەت قیژە  بووكەڵەكان) میوزیك بەشێوەیەكی زیندو لەباگراوندی نمایش بەكار دەهێندرێ .

گیانداران:  یاسەمینە جل وبەرگی قەلەرەشی لەبەر دایەو  رۆڵی قەلەرەش دەبینێت ،ئەمەش دوای ئەوەی بەهۆی سحرەوە  لەكچێكی گەورەوە بۆتە قەلەرەش، بەكار هێنانی جل وبەرگی گیانداران یەكێكە لەشێوازە سەركەوتووەكان هەمیشە منداڵان حەز بەو كەسایەتیانە دەكەن كە لەجیهانی گیاندارانەوە نزیكن لەوەش گرنگتر ووتن و قسەكردنی ئەم گیاندرانەیە لەم نمایشەدا قەلەرەش ئازارو مەینەتی و خۆیی دەگێرێتەوە هەمیشە داوای هاوكاری و بەهانەوە چوون دەكات ئەم شێوازە سەرنج راكێشە وا لەمنداڵان بەدوای كۆتایی نمایشەكەو بن بزان چی روودەدات .

شوێنی نمایش: شوێنی نمایش لەهۆڵێكی تەواو بەپێكهاتەكانی نمایش دەكرێت ئەمە رووپەكی باشی بەخشیوەتە شانۆگەریەكە چونكە دەرهێنەر بەهۆی هۆڵی نمایشەوە دەتوانێت پێكهاتەكانی نمایش بەتەواوەتی سوود لێوەربگرێت وەك روناكی و رەنگەكان دیكۆری گونجاو میوزیكی زیندو تۆمار هەروەها شوێنی بینەران.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**3-6 بەکارخستنی پێکهاتەکان نمایش لەشانۆی منداڵان (سندیباد و هەڤالین وی)**

**-1**چیرۆك خوان و نواندنی وێنەیی :چیرۆك خوان لەباگراوندی نمایش لەرێگەی بووکەڵەوە چیرۆکی ڕووداوەکان دەگێرێتەوە سندیباد و هەڤاڵەکانی وێنەی نمایش ئەم دیالۆگانەدەکەن کە چیرۆك خوان دەڵێت ، ئەم شێوزای کارە جیاوازە چونکە لەیەك کاتدا کەسێك قسەدەکات و کۆمەڵێك ئەکتەر بەجولەی پێویست وێنای دەکەن، ئەم شێوازە تێگەیشتن بۆ منداڵان خێرا تردەکات

وەك چیرۆك خوان دەڵێت : (پشتی سندیباد وهەڤالێن وی گەیشتنە قەسرێ ،چاڤ دانە وان زێرو گەوهەران ،چاڤێت وی تاری بوون، سندیبادی گۆتە سێبەندی شین، ئەزو هەڤالا خۆ ئامادەینە دخزمەتا تەدابین، سێبەندا شین گەلەك دلخوش بوو گوت ئەگەر هین جارەکادی خەلەتی بکەن دێ هەوە سزا دەم، هەمی هەڤالا پێکڤە گۆت ئەم وەناکەینەڤە و هەرخزمەتاتەدکەین، سینداد و حەسەن ویاسەمین بونە خزمەتکارێ سێبەدێ شین ، پشتی بوونە جهێ باوەرێ عەلی بابە تشتەکێ سەیردیت (

ململانێ ی ڕووداوەکان: لێرەدا دەرهێنەر مامەڵیەکی دروست لەگەڵ ململانێکان دەکات تاوەکو ڕووی ڕاستی ڕووداوەکان نیشان بدات و لەهەمات کاتدا چارەسەریش بخاتە ڕوو چونکە دەبێت سحری یاسەمین ئاشکرا بێت هەموو شتەکان بچنەوە دۆخی ئاسایی خۆیان بۆیە عەلی بابا تۆپی سحری دەدۆزێتەوە

بووکەڵەی یەکەم: عەلی بابا تشتەکی سەیر دیت !

بووکەڵەی دووەم: چەوا عەلی بابا تشتەکێ سەیر دیت ؟...

ئەم ئاماژانە بەتەواوەتی هاوکارن بۆرووودانی شتێکی سەیر لەسەر تەختەی شانۆ لەلایەنی بوکەڵەکانەوە چونکە بەشێوەی لەناکاو بێ پێشبینی دەردەکەون ئەم شێوازە هاتنە نێو دیالۆگ و ڕووداوەکان بینەر تامەزرۆدەکات لەو ڕووداوەی چاوەرێ دەکرێ ڕووبدات ...

چیرۆك خوان: عەلی بابا هزرەکا جوان لسەری دا کوئەوتشتێ سەیر بداتە یاسەمینێ و گۆتێ ببە باژێری یاسەمین بەهۆی ئەم تۆپە ڕوناکیەوە سحری گۆرینی لێکراوە لەلایەك شەودا هاتووەو ڕوناکی ڕۆژنەماوە لەلایەکی تر یاسەمین گەنج بۆتە قەلەرەش، بازنەی ڕوناکی لەدەستی یاسەمینەو لە لەبازاردا گەرێ و سیندبادو عەلائەدین بەدوای دا دەگەرێن

عەلائەدین : یاسمین .....یاسمین

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سندیباد : یاسمین .....یاسمین  ئەڤە کانێ تو

یاسمین دێت و بازنەی روناکی لەدەستە،عەلائەدین

یاسمین ئەژی نزانم عەلی بابا گوتە من ببە باژێرێ دا بزانە چیە

عەلائەدین: تشتێ هوسا سەیر دژیانێ خۆدا نەدیتینە

سندیباد: من ئەوا دیتی ئەڤە قەفە سێربەندیە ...... ترس ودڵەوراوکێ.......یاسمین : باڤێژە باڤێژە

عەلائەدین: باڤێژە باڤێژە .......(مەبەست لێرەدا فرێدانی ئەم روناکیەیە کەسحرەکەی تێدا کراوە، بەڵام سندیباد فرێی نادات ودەڵێت: نا نا نا... ئەم وی شکینین تاکو ژ سحری رزگار بین و بۆجارەکا دی رۆژ ژ باژێرێ مە دەرکەڤیتەڤە

عەلائەدین: دیشکینین ؟     .....     سندیباد: ئەرێ



**2-**جل وبەرگ ئێکسسوار:

بەهۆی ئەوەی شانۆکە بابەت مێژوویی لەخۆ گرتوە دەرهێنەر  جل وبەرگی  قەبارە گەورەوە پاشا و پاسەوان و کەسایەتیەکان بەکار هێناوە، جگە لەیاسەمین کەدوو شێوەیە یەکێکیان بەرگی باڵندە ئەویتریان لەدۆخی ئاسایی وەك کچێك و بە کراسێکی درێژو فراوانەوە دەردەکەوێت ، جل و بەرگ کاریگەرەی راستەوخۆیی لەسەر کار ئەکتەران هەیە وێرای ئەوەی کار ئەکتەرەکانی پێدەناسرێتەوە لەگەڵ ئەوەش تێکەڵاوی رۆڵ دەبێت ئەکتەران بەتەواوەتی هەست بەو رۆڵەدەکەن  کە دەیبینن ، لەم نمایشەدا جل وبەرگی سەرنج راکێش و فراوان بەکار هێنراوە بەشێوەیەك جوانی بەخشیوەتە نمایش هەر ئەکتەرەوو بەپێ  رۆڵ خۆیی جلو بەرگی بۆ بەکار هێنراوە، نمایش شانۆگەریەکە پێویستیە

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئێکسسوارەکانی بەکار هێناوە کۆمەڵێك جوانکاری تێدایە وەك کەلوپەلی گرانبەها ملوانکە و زێر و سندوق و گۆچان لاپەرەی کۆنی خوێندنەوە روناکی بازنەیی .

-3بەکار هێنانی روناکی :ڕەگەزێکی گرنگی شانۆییە، دەرهێنەر بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش سودی لەروناکی و بەکارهێنانی وەرگرتووە، کەشی گشتی بریتیە لەروناکیەکی گشتی بۆ کۆی نمایش، لەهەندێ کات دەرهێنەر بۆ نیشاندانی دوودڵی هاتنی رووداوێکی جیاواز هەستی بینەر کێشدەکات، یاری بە روناکی دەکات، ئەمەش لەپێناو دروستکردنی کەشێکی دوودڵی و جۆرێك لەترس و هەندێ جار خەیاڵ، هەروەها بەکار هێنانی هەڵمی سپی وەك بەشێك لەسیحرو تێکەڵاو بەروناکی دروست کردنی شێوە، ئەم شێوەیە رووبەکی تر نیشان دەدات و بینەران لەواقیع دوور دەخاتەوە و زێتر بەلای خەیاڵ و ئەندێشەیان دەبات ئەمەش لەپێناو دوورخستنەوەی بینەرە لە لۆژیك نیشانادانی دروستکردنی کەشێکی سحراوی ئەمانە هەمووی بەهۆی روناکیەوە دروست بووە. بەگشتی دەرهێنەر شارەزایانە مامەڵە لەگەڵ روناکی دەکات وەك ئەوەی پێویستە بەکار دێنێت بەتایبەتی لە دیمەنی تۆپی روناکی وتێکشکاندنی سیحرەکە و بەکارهێنانی فلاش روناکی بۆکەشی گشتی یاری کردن بەروناکی.





-4پەیامە پەروەردەییەکان : کەسایەتیە سەرەکییەکان جەخت لە تەبایی وگیانی پێکەوەیی و پێکەوەکارکردن دەکەنەوە لێرەوە منداڵان هان دەدەن کە بەهاوکاری و دەستگرتن و گیانی ئاشتی وخۆشەویستی هەمووماں سەردەکەوین، هەروەها لەڕوی پەروەردەییەوە ئەم شانۆگەرییە دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ گەیاندنی لایەنی باشە و دیاریکردنی لایەنە خراپەکانە وەهەروەها دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکان.

4-دیداکتیك و شانۆی منداڵان بۆ گەیاندنی بابەتە فێرکارییەکان: پرۆسەی فێربون کاریگەری زۆری لەسەر شێوازی گەیاندنی زانیاری هەیە بە تایبەت لای منداڵان شانۆ یەکێکە لە رێگە هەرە باشەکانی گەیاندن لە پرۆسەی فێربون لە تایبەت ڕۆڵبینین چونکە لای منداڵان لاساییکردنەوەی بەشێکی دانەبڕاوە و هەمیشە یاوی ڕۆڵبین ئەنجام دەدات و لە خۆرسکی دا هەیە دیداکتیك یا شێوازی وتنەوەی و گەیاندنی وانە یا هە بابەتێکی تری فێرکاری و پەروەردەیی گرنگە لە رێگەی جوڵە ودەنگ و ڕەنگ و هەموو ڕەگەزەکانی نمایشی شانۆیی  بە بابەتی سەرنج ڕاکێشەوە بگەیەنرێتە منداڵان،دەرهێنەر لەم نمایشەدا گرنگی زۆری بە  رۆڵبینین وبەکاهێنانی  شێوازی جیاواز داوە لە ململانێ و چارەسەری ڕوداوەکان بۆ گەیشتن بە ترۆپك و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەی ڕوداوەکە، هەروەها بەکارهێنانی چەند رێگەیەك بۆ رزگاربون لە کێشەکە کە ئەمە پەیامی دیداکتیك و شێوازی جیاواز دەگەیەنێت بۆ گەیشتن بە چارەسەر .




**بەشی چوارەم (ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردە و لیستی سەرچاوەکان )**

**1-4 – ئەنجام:**

ئەنجامی شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی  نموونەی توێژینەوە لەم خاڵانەی خوارەوە بەدەر دەکەون:

1- بەپێی پێشکەوتنی تەکنیك و تەکنەلۆژیا گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بەسەر پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا هاتووە.

2- لەشانۆیی (سندیباد و هەڤالین وی) ئاماژە پەروەردەییەکان بەڕونی دیاریکراوە لە رێگەی ڕوداوەکانی ناو دیمەنە  شانۆیەکان .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3- دەرکەوتنی هێما و ئاماژەکانی گوزارشت کردن لەڕوداوەکان لەڕێگەی بەکارخستنی ڕەگەزەکانی سینۆگرافیا لەنمایشی شانۆیی (سندیباد و هەڤالین وی).
4- لە شێوە و ناوەڕۆکی نمایشدا گرنگییەکی تەواو بە لایەنی پەروەردە و فێرکردن دراوە بە شێوەی نواندنی شانۆیی لەسەربنەمایەکی فیکری و زانستی و هونەری و ئیستاتیکی.
5- لەم نمایشەدا پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنی سەردەمیانە بەشێوەیەکی هونەری و زانستی و لەمیانی دیمەنە درامییەکاندا بەرجەستە کراوە .
6- لە میانی ئەم نمایشە شانۆییەدا دەرکەوتووە کە نواندنی شانۆیی رێگە چارەیەکی زۆر گونجاو سەرکەوتووە لە پرۆسەی خوێندندا.

### 2-4 – پێشنیارەکان:

لەمیانی ئەم توێژینەوەیەداپێشنیار بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوانەی خوارەوە دەکرێت:

1- بەکارخستنی هۆکارەکانی پەروەردەو فێرکردن و نواندن لە پرۆسەی خوێندندا.
2- ڕۆڵی شانۆی مندالآن لە پێشکەوتنی پرۆسەی خوێندن لە قۆناغی بنەڕەتیدا.

### 3-4 ڕاسپاردەکان:

لە میانی ئەم توێژنەوەیەدا چەند ڕاسپاردەیەك ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکرێت:

- بۆ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان: بەهۆی گرنگی دیداکتیك و رێگا نوێیەکانی پەروەردەی هاوچەرخ پێشنیازی خولی بەردەوامی دیداکتیك و بابەتە زانستییەکان بە پێیی وانە و بابەتی پسپۆری خۆیان بۆ مامۆستایان بکرێتەوە .
- بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی: پێشنیازدەکەین گرنگی بە بابەتی پەروەردەی هونەری بدات، چونکە دیداکتیك هونەر و ڕێگاکانی وانەوتنەوەیە و شانۆ و هونەرەکان دەبنە هەوێنی سەرکەوتنی پرۆسەی وانەگوتنەوە
- بەرهەمهێن و پەروەردەکاران کار لەسەر شانۆی پەروەردەیی بکەن لە ناوەندەکانی خوێندن، قوتابی بەهرەمەند رابهێنن و شانۆ و نواندن لای قوتابییان خۆشەویست بکەن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- پێشنیار دەکەین ساڵانە ڤێستفاڵی شانۆی منداڵان بۆ ناوەندە پەروەردەییەکان ئەنجام بدرێت و گرنگی بە هۆڵ و ستەیجی شانۆ بدرێت و مامۆستایان شانۆ و نواندن لەکاتی وانەوتنەوە وەك شێوازێك لە شێوازەکانی فێربوون بەکاربهێنن.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم/ سەرچاوە کوردییەکان:

فایەق، سەعید(2019) مۆدێل و میتۆدەکانی وانەگوتنەوە دیداکتیك، ناوەندی غەزەلنووس سلێمانی.
فایەق، سەعید(2020) تیۆرییسۆسیۆکولتوری پەروەردە هاوچەرخ لیۆڤیگۆتسکی، ناوەندی غەزەلنووس سلێمانی.
قادر:ڕەمەزان حەمەدەمین(2020)، بنەماکانی پەروەردەی سەردەم،چاپی یەکەم،چاپخانەی سایە، سلێمانی.

### دووەم/ سەرچاوە عەرەبییەکان (المصادر العربية) :

أبرير، بشير (2005). التواصل مع النص - إشكالات الفهم والقراءة الفعالة: اللسانيات، مجلة في علوم اللسان وتكنولوجياته، ع10، مركز البحوث العالمية و التقنية لترقية اللغة العربية، الجزائر.
باكثير، علي أحمد (1984). فن المسرجية من خلال تجاربي الشخصية، دار مصر للطباعة، القاهرة.
بوداود، حسين (2007). هل الديداكتيك علم؟ قراءة في مفهوم الديداكتيك وأبعادها. مجلة دراسات، ع6، 99-118.
بوهادي، عابد (2012). تحليل الفعل الديداكتي: مقاربة لسانية بيداغوجية، دراسات للعلوم الإنسانية والاجتماعية، عمادة البحث العلمي، الجامعة الأردنية، مج39، ع2.
حسن، كمال لفتة (2014). الوسائل التعليمية واهميتها في العملية التربوية، مجلة آداب الفراهيدي، معهد إعداد المعلمات الصباحي بالعراق، ع20.
حسناء، مصمودي، و فاتن، مغزي شاعة (2019). دور الوسائل التعليمية في تنمية المهارات لدى تلاميذ المرحلة الابتدائية: ابتدائية خليف محمد أنموذجا، رسالة ماجستير، كلية الآداب واللغات، جامعة محمد خيضر بسكرة بالجزائر.
الحيلة، محمد محمود (2007). تصميم وإنتاج الوسائل التعليمية التعلمية، ط4، دار المسيرة، الأردن.
الدريج، محمد (يناير 2011). عودة إلى تعريف الديداكتيك أو علم التدريس كعلم مستقل، مجلة المدرس، الرباط، المغرب.
سي محمد، سعدية (2017). مقاربات ديداكتيكية لفهم أخطاء التلاميذ كاستراتيجية للتعلم.مجلة الحكمة للدراسات التربوية والنفسية، ع10، 221-233.
عرابي، جاب الله سعد (2020). تبسيط الأنشطة التعليمية من خلال استخدام الوسائل التعليمية، مجلة دقائق للدراسات النفسية والاجتماعية، مج5، ع19.
العوّاد، أحمد سليم (2001). التواصل مع الآخرين، مجلة نور، الإمارات العربية المتحدة ، ع21.
علوش، سعيد 45، 1995 (معجم المصطلحات الادبية المعاصرة بيروت دار الكتاب البنانى 1995
فريقي، أحمد عبدالرحمن (2015). فى قضايا الديداكتيك: مقدمات حول المفهوم والأهداف وبعض مجالات التعليم والتعلم. مجلة مقاربات، ع19، 74-92.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

كمال عبدالله و قلي عبدالله (2005). مدخل إلى علوم التربية، حامل بيداعوجي خاص بالتكوين عن بعد، المدرسة العليا لأساتذة ببوزريعة بالجزائر.
لورسي عبد القادر (19/ 6/ 2002). التعليمية ومفاهيمها الأساسية، غرداية، الجزائر.
مدكور، علي أحمد (2001). مناهج التربية أسسها وتطبيقاتها، دار الفكر العربي، بيروت.
منصور، مصطفى (2020). مطبوعة بيداغوجية في مقياس التعليمية (الديداكتيك)، كلية العلوم الاجتماعية والإنسانية، قسم العلوم الاجتماعية، جامعة الشهيد، الجزائر.
هواشرية، بختة (2017). ميكانيزمات التواصل البيداغوجي والديداكتيكي ودورها في تفعيل التبادل المعرفي بين الآستاذ والطالب. مجلة الحكمة للدراسات التربوية والنفسية، ع9، 265-280.
سبنسر،هربرت(2015) التربيه هربرت سبنسر، ترجمه محمد السباعى،مؤسسة هنداوى للتعليم و الثقافة.
الجوادى،رياض(2020) مدخل الى علم التدايس المقارن،دار التجديد للطباعة والنشروالتوزيع والترجمة، تونس.
نبيلة، عبو،(2018) تقنيات الكتابة فى مسرح الطفل، جامعة ابوبكر بلقد كليةألادب قسةالفنون، الجزائر.

## سێیەم سەرچاوە بیانییەکان(المصادر الاجنبية) :

Gascón, J., & Nicolás, P. (2017). Can didactics say how to teach? The beginning of a dialogue between the anthropological theory of the didactic and other approaches. For the Learning of Mathematics, 37(3), 9-13.
Lewis, Marine and Rainer, John, Teaching Classroom, Drama and theatre: Practical Projects for Secondary Schools, London, Hoties bars cinemas events, 2005.
Vollmer, H. J. (2021). Bildung as the central category of education?: Didactics, subject didactics, and general subject didactics in Germany. In Didaktik and curriculum in ongoing dialogue (pp. 137-163). Routledge.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The role of didactics in the learning process in contemporary education in the Kurdistan Region), which addresses the role of didactics through

## Theatrical performances for children

**Asst. Lect. Zhiar Ismail Haweiz**
Department of Cinema and Theatre, College of Fine Arts, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: Zhyarismail876@gmail.com

**Asst. Lect. Karwan Ali Mohammed**
Department of Cinema and Theatre, College of Fine Arts, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: Charlykarwan@gmail.com

## Abstract:

This research is titled "The Role of Didactics in the Learning Process in Contemporary Education in the Kurdistan Region." It examines the role of didactics through "theatrical performances for children." The second part, "The General Framework of the Research Theory," includes several topics: the concept of didactics and its references, the didactic triangle, the role of the teacher in education, didactics and educational arts, and research methods, which include the research community, research methods, research tools, and research models. In the fourth part, the research reached several conclusions, the most important of which are:

1. Teaching methods lead to higher learning outcomes.
2. Contemporary education depends on teachers' ability to guide students.
3. Children's theater is an appropriate teaching method.

***Keywords:*** *role, didactics, children's theater, contemporary education*

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# دور الديداكتيك في عملية التعلم في التعليم المعاصر في اقليم كوردستان) حيث يتناول دور الديداكتيك من خلال

## (العروض المسرحية للاطفال)

**ملخص:**
يحمل هذا البحث عنوان (دور الديداكتيك في عملية التعلم في التعليم المعاصر في اقليم كوردستان) حيث يتناول دور الديداكتيك من خلال (العروض المسرحية للاطفال). وفي الجزء الثاني (الإطار العام لنظرية البحث) والذي يتضمن عدة مباحث: مفهوم الديداكتيك ومرجعياته، المثلث الديداكتيكي، دور المعلم في التربية والتعليم، الديداكتيك والفنون التربوية، مناهج البحث والتي تتكون من: مجتمع البحث، مناهج البحث، أدوات البحث، نماذج البحث، وفي الجزء الرابع توصل البحث إلى عدة استنتاجات من أهمها:
1.تؤدي أساليب التدريس إلى نتائج تعلمية أعلى .
2.يعتمد التعليم المعاصر على قدرة المعلمين على توجيه الطلاب .
3.مسرح الأطفال هو وسيلة مناسبة للتدريس .

**الكلمات المفتاحية:** الدور، الديداكتيك، مسرح الأطفال، التعليم المعاصر